٢- وتاری ئامۆژگاری یان فێرکردن ، یان وانە دابەشکردن (لەگەڵ کەسێکی تر یان لەگەڵ کۆمەڵێکدا) ڕۆما ٤: ١- ١٦.
٣- خەڵوەتی ڕۆحی . چێژ وەربگرە لە خەڵوەتی ڕۆحی لەگەڵ خودا و هەموو ڕۆژێك هاوکاری وەربگرە لە نیوەی بەشێك لە ٢هەواڵی ڕۆژان ١٦، ١٨، ٢٠ ، ٢٦ . باشترین شێوازی ڕاست بەکاربهێنە و تێبینیەکانت بنوسەوە .
٤- لەبەرکردن : تێڕامان بکەو ئایەتی نوێی لەبەرکردن : جارِی موژدەی شانشین بدە : ئەفەسۆس ٤: ١٢- ١٣ لەبەر بکە. ڕۆژانە بەو ٥ ئایەتانەدا بچۆرەوە کە لەبەرت کردوون .
٥- فێرکردن : نمونەی دوو کوڕەکە هاتووە لە مەتا ٢١: ٢٨- ٣٢ وە نمونەی هەنجیری بێ بەر هاتووە لە لۆقا ١٣: ١- ٩ سود ببینە لە شەش هەنگاوەکانی ڕێنمایی بۆ ڕاڤەکردنی ئەم نمونانەی هاتوون لە وانەی یەکەمدا .
٦- نوێژ. نوێژ بکە بۆ کەسێکی دیاریکراو یان شتێکی دیاریکراو لەم هەفتەیەداو تەماشا بکە خودا چی دەکات (زەبور ٥: ٣).
٧- تێبینیەکانت بنوسە سەبارەت بە بونیادنانی کڵێسای مەسیح . هەروەها ئەو تێبینیانە بنوسەوە کە پەیوەندیان بە کاتی خەڵوەتت لەگەڵ خودا و ئایەتەکانی لەبەرکردن و فێرکردن و ئامادەکاری یەوە هەیە بۆ هەفتەی ئایندە .

وانەی (١٥)

١	نوێژ

ڕابەری کۆمەڵەکە : نوێژ بکەو کۆمەڵەکەت وئەم پرۆگرامی ڕاهێنانە تەرخان بکە تایبەت بە مزگێنیدان و بانگەوازی شانشینی خودا .

٢	بەشداریکردن (٢٠ خولەك) ٢هەواڵی ڕۆژان

بە نۆرە بەشداری بکەن و پەڕاوی تایبەتی خەڵوەتی ڕۆحیتان **بخوێننەوە** ئەوەی فێری بوون لە خەڵوەت و تێڕامانەکانتان لەو بەشە دیاریکراوەی کتێبی پیرۆز (٢هەواڵی ڕۆژان ١٦، ١٨ ، ٢٠ ، ٢٦) گوێ بگرن لە ئەو کەسەی بەشداری دەکات ، بەشێوەیەك مامەڵەی لەگەڵ بکەن هەست بکات ئەوەی دەیڵێ جێی بایەخی ئێوەیە ، پێشوازی لێبکەن . مشتومڕی لەگەڵ مەکەن لەو بابەتەی بەشداری پێدەکات ، تەنها تێبینیەکانت بنوسەوە .

٣	لەبەرکردن (٥خولەك) خزمەتەکانی کڵێسا : ئەفەسۆس ٤: ١٢-١٣

بە شێوەی گروپی دوانەیی (دوو باوەڕدار پێکەوە) **تیاڕامان و لەبەرکردن و پێداچونەوە** بکەن ، خزمەتەکانی کڵێسا : ئەفەسۆس ٤: ١٢-١٣ .

٤	فێرکردن (٨٥ خولەك) دوو کوڕەکە و هەنجیری بێ بەر

"نمونەی دوو کوڕەکە " لە مەتا ٢١: ٢٨-٣٢

وە نمونەی هەنجیری بێ بەر لە لۆقا ١٣: ١-٩ تایبەتن بە

بەرپرسیارێتی چوونە نێو شانشینی خودا

" نمونەکە" چیرۆکێکە باس لە ژیانی ڕۆژانەی سەرزەوی دەکات بە واتایەکی ئاسمانی . چیرۆکێکە دەکرێ بگێڕدرێتەوە لەژیانی ڕاستەقینەدا و ئامانج لێی فێرکردنی ڕۆحیە . عیسای مەسیح ئەو بابەتانەی باو و بڵاو بوون هەروەها ڕوداویی ڕۆژانەی بەکار دەهێنا لە پێناوی ڕاگەیاندنی

نهێنیەکانی شانشینی خودا و ڕوناکیەکەی ، وە بۆ ڕووبەڕووبونەوەی خەڵکی لەبارەی بارودۆخی ڕاستەقینەیان و پێویستییان بە نوێبوونەوە .

ئەم وێنەیە خاڵ بەخاڵ لە شەش ڕێبەری ڕێنماییەکاندا تایبەت بە لێکۆڵینەوەی نمونەکان (بڕوانە ڕێبەری ڕێنماییەکانی ٩ ، پاشکۆی ١).

أ. نمونەی دوو کوڕەکە

مەتا ٢١: ٢٨- ٣٢ بخوێنەوە .

١. چیرۆکە سروشتیەکە تێ بگە کە لە نمونەکەدا پێشکەش کراوە.

پێشەکی : نمونەکە بە زمانێکی میتافۆری دەدوێ و واتای ڕۆحیەکەی بونیاد نراوە لەسەر ئەم زمانە میتافۆریە . بۆیە یەکەمجارشرۆڤەی وشەکانی نێو چیرۆک ونمونەکەو بانگراوندە کلتوریەکەی دەکەین ودەخوێنین / شارستانی و ڕاستیە میژوویەکانی .

تێبینیەکان

لەلای زۆربەی خێزانەکان شارەزاییەکی نەرێنی هەیە کە مایەی دڵتەنگیە بۆ گەشەی منداڵ ئەویش ئەوەیە کە منداڵەکانیان لە قۆناغێکدا گوزارش دەکەن لەوەی حەز ناکەن گوێرایەڵی باوکودایکیان بن ، بەڵام شارەزاییە ئەرێنی یەکانیان کە مایەی دڵخۆشیە ئەوەیە زۆرجار منداڵان تۆبە دەکەن لە هەڵسوکەوتەکانیان و ئەوە دەکەن کە باوکودایکیان داوایان لێدەکەن.

<u>٢. چوارچێوەی دەقە ڕاستەوخۆکە بخوێنەوەو تاقی بکەوە ، وە بنەماکانی نمونەکە دیاری بکە</u> .

پێشەکی : چوارچێوەی "چیرۆکەکە" زۆرجار ڕەهەندو بانگراوندی هەیە یان شرۆڤە کردن وجێبەجێکردنی نمونەکەی هەیە . دەکرێ ئاماژە بۆ بانگراوندی نمونەکە گونجاو بێت لەگەڵ پێناسەی چیرۆکەکە بۆ ئەو بارودۆخەی نمونەکەی تێدا باسکراوە . وە زۆرجار بانگراوندی نمونەکە کەوتوەتە پێش چیرۆکی نێو نمونەکەوە ، بەڵام شرۆڤە یان جێبەجێکردنی دوای چیرۆکی نمونەکە باسکراوە .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : چیرۆک و بانگراوند و شرۆڤە یان جێبەجێکردنی ئەم نمونەیە چی یە ؟

تێبینیەکان .

أ. بانگراوندی نمونەی هاتوو لە مەتا ٢١ : ٢٣- ٢٧ .

سەرۆك كاهینەكان وپیرانی گەلی ئیسرائیل پرسیاریان دەكرد لە دەسەڵاتی عیسای مەسیح لە پاككردنەوەی پەرستگا ، وە پرسیاریان لێكرد بە شێوەی تایبەت لەبارەی دەسەڵاتیەوە لە چاككردنەوە لە گۆڕەپانی پەرستگا ، وە لە وەڵامدانەوەی عیسادا بۆیان پێی ووتن دەسەڵاتی یەحیای لەئاوهەڵكێش لە كوێوە سەرچاوەی گرتوە بۆ باپتیزكردن ، ئایا لە ئاسمانەوە بوو یان لە خەڵكیەوە ؟ بەڵام ئامادە نەبوون خۆیان ئاشكرا بكەن و پێی بڵێن باوەڕیان بە چی هەیە چونكە دوو ڕوویيان دەردەكەوت ، وایان پیشاندا كە نازانن ، بەڵام لە ڕاستیدا ئەوان یەحیای لەئاوهەڵكێشیان ڕەتكردەوە .

ب. چیرۆکی نێو نمونەی هاتوو لە مەتا 21: 28- 30 .

ج. شرۆڤە یان جێبەجێکردنی نمونەی هاتوو لە مەتا 21: 31- 32 .

٣. وردەکاری پەیوەندیدار و ناپەیوەندیدار بە نمونەکە دیاری بکە.

پێشەکی : عیسا مەبەستی نەبوو بڵێ هەر خاڵێکی نێو نمونەكان واتاو مەبەستێكی ڕۆحی لە پشتەوەیە ، وە وردەكاری نێو نمونەكە خاڵی جەوهەری یان بابەتی سەرەكی لە خۆ دەگرێ ، بۆیە دەبێت هەوڵ بدەین واتاو مەبەستی ڕۆحی بۆ هەموو خاڵێک و وردەكاری نێو نمونەكان دیاری نەكەین .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : ئەو وردەکاریانە کامانەن نمونەکە لەخۆی دەگرێ و بە سەرەکی و واتادار دادەنرێن ؟

تێبینیەکان .

ڕەز .

لەبەرئەوەی ناڵێت ڕەزەکە "ڕەزی خودایە" ناکرێت ڕاڤەی بە شێوەیەك بکەین کە ڕەزی خودایە واتە گەلی ئیسرائیل وە نابێت هیچ واتایەکی دیاریکراو بۆ ئەم دەستەواژەیە دابنێین .

کۆڕی یەکەم .

ئەم کۆڕە وەکو هەر کۆڕێکی مرۆڤ تۆبە دەکات و باوەڕ دەهێنێ دوای ئەوەی یاخی بوەو بێباوەڕ بوە ، ئەم خاڵە زۆر گرنگە لە نمونەکەدا.

کۆڕی دوەم .

ئەم کۆڕە وەك هەر کەسێك خۆی دەردەخات کە خواپەرستە بەڵام لە ڕاستیدا بێباوەڕو یاخیە ، ئەم خاڵەش زۆر گرنگە هەروەها لە نمونەکەدا.

٤. پەیامی سەرەکی نمونەکە دیاری بکە .

پێشەکی : پەیامی سەرەکی نمونەکە لە شرۆڤەو جێبەجێکردندایە یاخود دەکرێ کورتبکرێتەوە لە خودی نمونەکەدا .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : پەیامی سەرەکی ئەم نمونەیە چی یە ؟

تێبینیەکان .

نمونەی دوو کۆڕەکە لە مەتا ٢١: ٢٨- ٣٢ نمونەیەکە فێرمان دەکات لەبارەی "بەرپرسیارێتی چوونە نێو شانشینی خودا " . پەیامی سەرەکی نمونەکە ئەمەیە : ڕابردووی مرۆڤ هەرچیەك

بێت ، ئەگەر بێباوەڕ بێت یان باجگر یان داوێن پیس ، هەموو مرۆڤێك بەرپرسیارێتی کەسێتی لەئەستۆدایە بۆ چوونە نێو شانشینی خودا ، ئەو بەرپرسە لە ڕووی کەسێتیەوە کە تۆبە بکات لە ژیانی ڕابردووی لە یاخی بوونداو ، وە بڕوات بەرەو کارکردن بە خواستی خودا .

خۆدەرخستن بۆ ئەوەی پیشانی بدات بە خواستی خودا دەکات بێ ئەوەی ئەو کارە بکات ، دوو ڕووییەکی تەواوەتیە ، هەر کەسێك بەو شێوەیە خۆی دەربخات لەو تۆوە دەچێت کە دەکەوێتە نێو بەردەڵانەوە ، کەمێك دەنوێ بەڵام خێرا وشک دەبێت ، یان وەکو ئەو مرۆڤەی جلوبەرگی زەماوەند ناپۆشێ و فڕێ دەدرێتە دەرەوە .

٥. بەراوردی نمونەی هاوسەنگی و بەرابەری لە کتێبی پیرۆزدا.

پێشەکی : زۆرێك لە نمونەکان لەیەك دەچن و هاوشێوەن هەندێ جار دەتوانی بەیەکتریان بەراورد بکەیت ، ئەو ڕاستیەی لە هەر نمونەیەکدا هەیە هاوسەنگە یان بەرابەر ڕاستیەکە بەشەکانی دیکەی کتێبی پیرۆز بۆمان ڕوون دەکاتەوەو فێرمان دەکات . هەوڵ بدە ئەو ئایەت و شایەتە کتێبیە بدۆزیتەوە کە بەرابەر یان هاوشێوەی نمونەیەکەو یارمەتیدەرە بۆ ڕاڤەکردنی نمونەکە . ئاگاداربە لە ڕاڤەکردنی هەر نمونەیەك پشت ببەستە بە فێرکردنی ڕوون و ڕاستەوخۆی کتێبی پیرۆز .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : بەشەکانی تر چی ڕاستیەك فێر دەکات کە ئەم نمونەیە پێشکەشی دەکات ؟

تێبینیەکان .

١ساموئیل ١٥: ٢٢- ٢٣

شاول گوێرایەڵی تەنها نیوەی ڕاسپاردەو فەرمایشتی خودا بوو. زاڵ بوو بەسەر دوژمنەکانیداو لەناوی بردن بەڵام دەستی نەگرت بەسەر ماڵ وماڵاتی دوژمنەکانیدا وەك چۆن خودا فەرمانی پێکردبوو بەڵکو دەستکەوتی لەلابوو هەروەها عەمالیقی خراپەکاری بە زیندوویی هێشتبۆوە ، وە سامۆئیلی پێغەمبەر وەڵامی دایەوە لەبارەی کارەکەی کە گوێرایەڵی خودا باشترە لە پێشکەشکردنی قوربانی و قوربانی سەربڕین ، چونکە یاخی بوون لە خودا و گوێرایەڵ نەبوونی خراپەیەکی قێزەونە و کاری جادوکەران وفاڵگرەکانە .

مەتا ٧: ٢١- ٢٧ ؛ ٢٣: ١- ٤

هەندێ لە خەڵکی بە قسەی خۆیان بانگەشەی ئەوە دەکەن کە باوەڕداران بە خوداو ئەو کارانە دەکەن کە پێیان وایە ڕەزامەندی خودای لەسەرە ، بەڵام بەپێی خواستی خودا ناکەن کە ڕوون وئاشکرایە ، ئەوان گوێ دەگرن و دەزانن خواستی خودا چیە بەڵام گوێرایەڵ نابن ، ئەم هۆشداریە زۆر گرنگە بەتایبەتی بۆ ئەوانەی زۆر زانیاریان هەیە لە ناوەڕۆکی کتێبی پیرۆز و فێرکردنەکانی .

یۆحەنا ١٥: ١٤ ؛ کردار ٥: ٢٩

هەموو ئەوانەی کار بەوە دەکەن کە خوداوەند عیسای مەسیح پێیان دەڵێت بە خۆشەویست بانگ دەکرێن و ڕۆحی پیرۆز بەدەست دەهێنن ، چونکە خواستی خودا بە ڕێژەی یەکەم ئەوەیە باوەڕ بە عیسای مەسیح بهێنن و دان بنێن بەوەدا کە خوداوەند وڕزگارکارە ، بڕوانە یۆحەنا ٣: ١٦ ، ٣٦ ؛ ٦: ٢٩ .

٦. کورتەی فێرکردنی سەرەکی نمونەکە .

گفتوگۆی لەبارەوە بکە : ئەو فێرکردنە سەرەکیە کامەیە نمونەکە پێشکەشی دەکات ؟ عیسای مەسیح دەیەوێ چی بزانین و باوەڕمان بە چی هەبێت وە دەیەوێ چی بکەین و چۆن بین ؟

تێبینیەکان .

کارکردن بە خواستی خودا زۆر پێویست وگرنگە .

بڕوانە ١کۆرنسۆس ٦: ٩- ١٠ ؛ بینین ٢١: ٨ ، ٢٧ ؛ لۆقا ٣: ٨- ١٤ ؛ ١کۆرنسۆس ٦: ١١ ؛ لۆقا ٥: ٣٠- ٣١ ؛ ١٩: ١٠ .

خۆدەرخستن بەوەی کار دەکات بە خواستی خودا دووڕوویيە.

ڕابەرانی جولەکە زانیاری تەواویان هەبوو لەبارەی شەریعەتی خودا و بە شێوەیەك هەڵسوکەوتیان دەکرد وەك بڵێی هەمیشە حەزیان دەکرد کار بکەن بە خواستی خودا بەڵام لە ڕاستیدا تەنها خۆیان دەردەخست بە گوێرایەڵی خودا . ئیدی نێردراوی خودا یەحیای لەئاوهەڵکێشیان ڕەتکردەوە و دواتر عیسای مەسیح و پەیامەکەیان ڕەتکردەوە و بگرە پلانیان داڕشت بۆ کوشتنی .

تۆبەکردن دوای بێباوەڕی و یاخی بوون پەیامی سەرەکیە لەم نمونەیەدا.

ئەگەرچی خراپەکارێکی گوناهبار بیت و زۆر کاری قێزەونت ئەنجام دابێت تۆبە بکەو بگەڕێوە بۆلای عیسای مەسیح و باوەڕی پێ بهێنە تاوەکو لێخۆشبوون بەدەست بهێنی بۆ گوناهەکانت و ڕزگارت بێت بە کارەکانی لە پێناوتدا (ئیشایا ١: ١٨ ؛ ٥٥: ٧ ؛ میخا ٧: ١٨- ١٩ ؛ لۆقا ٢٣: ٤٠- ٤٣ .

ب. نمونەی هەنجیری بێ بەر

لۆقا ١٣: ١- ٩ بخوێنەوە .

١. چیرۆکە سروشتیەکە تێ بگە کە لە نمونەکەدا پێشکەش کراوە.

پێشەکی : نمونەکە بە زمانێکی میتافۆری دەدوێ و واتای ڕۆحیەکەی بونیاد نراوە لەسەر ئەم زمانە میتافۆریە . بۆیە یەکەمجارشرۆڤەی وشەکانی نێو چیرۆک ونمونەکەو بانگراوندە کلتوریەکەی دەکەین ودەخوێنین / شارستانی و ڕاستیە میژوویەکانی .

گفتوگۆ: ئەو بنەمایانەی ژیانی بەرچاوی ئێستامان کامانەن ، کە نمونەکە لە خۆی گرتوە ؟

تێبینیەکان

بەشێوەیەکی گشتی داری هەنجیر پێویستی بە ماوەیەکی زۆر هەیە دوای چاندنی تاکو بەرهەم دەدات وە داری هەنجیر لە ڕەزی ئەم خاوەن موڵکەدا چێنرابوو ، ئەمەش شتێکی ئاسایی نەبوو چونکە پێ دەچێ ئەو دار هەنجیرە بایەخی زۆری پێدرابوو ، وە کاتی بەروبووم و بەرهەمەکەی بەپێی لۆژیک پێیان وابوو بەرهەمدارە و هەنجیری گرتوە ، کاتێ خاوەن ڕەز دەڕوات بۆ داواکردنی بەرهەم لێی دوای سێ ساڵی یەك لەدوای یەك ئیدی خاوەن ڕەز بەرهەمی نەدی بۆیە فەرمانی کرد بە بڕینی . عیسا ویستی ئەم وانەیە پەیڕەو بکات بەسەر هەموواندا لەم نمونەیەدا .

<u>٢. چوارچێوەی دەقە ڕاستەوخۆکە بخوێنەوەو تاقی بکەوە ، وە بنەماکانی نمونەکە دیاری بکە</u> .

پێشەکی : چوارچێوەی "چیرۆکەکە" زۆرجار ڕەهەندو بانگراوندی هەیە یان شرۆڤە کردن وجێبەجێکردنی نمونەکەی هەیە . دەکرێ ئاماژە بۆ بانگراوندی نمونەکە گونجاو بێت لەگەڵ پێناسەی چیرۆکەکە بۆ ئەو بارودۆخەی نمونەکەی تێدا باسکراوە . وە زۆرجار بانگراوندی نمونەکە کەوتوەتە پێش چیرۆکی نێو نمونەکەوە ، بەڵام شرۆڤە یان جێبەجێکردنی دوای چیرۆکی نمونەکە باسکراوە .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : چیرۆک و بانگراوند و شرۆڤە یان جێبەجێکردنی ئەم نمونەیە چی یە ؟

تێبینیەکان .

أ. بانگراوندی نمونەی هاتوو لە لۆقا ١٣: ١- ٥ .

هەرچەندە پەیامی سەرەکی لە دەقەکەدا ئەوەیە "تۆبە بکەن" بەڵام پەیامی سەرەکی تر ئەوەیە کە هەر ئێستا تۆبە بکەن ! لۆقا ١٣: ٢- ٣ .

ب. چیرۆکی نێو نمونەی هاتوو لە لۆقا ١٣: ٥- ٩ .

ج. شرۆڤە یان جێبەجێکردنی نمونەکە لە دەقی نمونەکەدا نیە بەڵام لە چوارچێوەکەیدایە.

٣. وردەکاری پەیوەندیدار و ناپەیوەندیدار بە نمونەکە دیاری بکە.

پێشەکی : عیسا مەبەستی نەبوو بڵێ هەر خاڵێکی نێو نمونەکان واتاو مەبەستێکی ڕۆحی لە پشتەوەیە ، وە وردەکاری نێو نمونەکە خاڵی جەوهەری یان بابەتی سەرەکی لە خۆ دەگرێ ، بۆیە دەبێت هەوڵ بدەین واتاو مەبەستی ڕۆحی بۆ هەموو خاڵێک و وردەکاری نێو نمونەکان دیاری نەکەین .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : ئەو وردەکاریانە کامانەن نمونەکە لەخۆی دەگرێ و بە سەرەکی و واتادار دادەنرێن ؟

تێبینیەکان .

مەتا ٢١: ١٨- ٢٢، ٤٢- ٤٤ ؛ لۆقا ٢٠: ١٥- ١٦ ؛ ٢١: ٢٠- ٢٤ **بخوێنەوە** .

مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم نمونەیەدا وەکو چیرۆکێکی میتافۆری .

هەندێ جار خەڵکی دەیەوێ بۆ هەر خاڵێك وبنەمایەکی نمونەکە واتایەکی دیاریکراو دەستنیشان بکات ئەمەش پێی دەوترێ ڕاڤەی میتافۆری بۆ نمونە گریگۆریۆسی مەزن ٥٤٠- ٦٠٤ ز بۆ ئەم نمونەیە ئاوا ڕاڤەی کردوە خودا خاوەنی ڕەزەکەیە و هاتوە دوای سێ ساڵ داوای بەرهەم دەکات یەکەمجار کە خودا هات و داوای بەرهەمی کرد پێش شەریعەت بوو ئەوکات توانای دا بە خەڵکی بڕیار بدەن کە چۆن بژین ومامەڵە بکەن لەگەڵ خزمانیان ودراوسێ یان لە ڕیگەی ڕوناکی سروشتی لۆژیکەوە وە دوەم جار کە خودا هات کاتی نوسینەوەی شەریعەت بوو ئەو کات خەڵکی فێری ڕاسپاردەکانی کرد وە سێ یەم جار کە خودا هات نیعمەتی هێنا و بەزەیی پێشکەش بە مرۆڤ کرد ، وە نمونەی ڕەزەوانەکە ئەوانەن کە کاروباری کڵێسا بەڕێوە دەبەن تا..

ناکرێ پشت بەم ڕاڤە میتافۆریانە ببەستین بۆ نمونەکە و دەبێت ڕەتی بکەینەوە .

هەنجیری بێ بەر .

یەکێك لە ڕاڤەکاران ووتی هەنجیری بێ بەر کە چێنراوە لە ڕەزەکەدا هێمایە بۆ ئۆرشالیمی ئێستا لە ئیسرائیل بەڵام لە ژێر ڕۆشنایی نەفرەتەکەی عیسای مەسیح بۆ هەنجیرەکە لە مەتا ٢١ هەنجیرە بێ بەرەکە ئاماژەیە بۆ گەلی ئیسرائیل کاتێ دیاری مەزنیان پێ بەخشرابوو ، بڕوانە مەتا ٢١: ٤١- ٤٣؛ ١پەترۆس ٢: ٩- ١٠ .

ماوەی سێ ساڵەکە .

ئەم ماوەیە ڕاڤە دەکرێ بەشێوازی جیاواز ، بە پێی یەکێك لە ڕاڤەکاران ئەم ماوەیە وێنەیەکە بۆ تەواوی ماوەکانی مێژووی گەلی ئیسرائیل وە بە پێی ڕاڤەکارێکی تر ئەم ماوەیە خزمەتەکانی عیسای مەسیحە وە بەپێی ڕاڤەکارێکی تر ئەم ماوەیە وێنەیەکە بۆ ئەو ماوەیەی یەحیای لەئاوهەڵکێش خزمەتی تێدا دەکرد . بەڵام هیچ بەڵگەیەکی کتێبی نیە لەمبارەیەوە تاکو واتایەکی هێمادارى بۆ بکەین وەکو خاڵێکی گرنگی نێو نمونەکە .

لەگەڵ ئەوەشدا لە ڕاستیدا خاوەن ڕەز دار هەنجیرە بێ بەرەکەی نەبڕی دەستبەجێ دای ساڵی یەکەم ئەمەش ئاماژەیە بۆ خۆشەویستی مەزنی خودا و ئارامگرتنی زۆری لەبەرامبەر خەڵکی و بەتایبەتی بەرامبەر بە گەلی ئیسرائیل وەك لە چوارچێوەی نمونەکەدایە.

ڕەزەوانەکە.

ئەم کەسایەتیە بنەمایەکی گرنگە لە نمونەکەدا چونکە وێنەیەکە بۆ خودا کە چۆن مامەڵە دەکات لەگەڵ گەلی ئیسرائیل بە ئارامگرتنەوە وە تا ئێستاش بەردەوام خودا ئارامیەکی مەزنی هەیە بەرامبەر بە جولەکەو نەتەوەکان (لۆقا ٤: ١٨- ٢١ بەراورد بکە بە ٢پەترۆس ٣: ٩) .

٤. پەیامی سەرەکی نمونەکە دیاری بکە .

پێشەکی : پەیامی سەرەکی نمونەکە لە شرۆڤەو جێبەجێکردندایە یاخود دەکرێ کورتبکرێتەوە لە خودی نمونەکەدا .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : پەیامی سەرەکی ئەم نمونەیە چی یە ؟

تێبینیەکان .

نمونەی هەنجیری بێ بەر هاتوە لە لۆقا ١٣: ١- ٩ نمونەیەکە فێرمان دەکات لەبارەی "بەرپرسیارێتی چوونە نێو شانشینی خودا " پەیامی سەرەکی نمونەکە ئەمەیە : دەبێت هەر مرۆڤێك دەستبەجێ تۆبە بکات و بگەڕێتەوە بۆلای عیسای مەسیح بە بێ دواکەوتن یان درێژەدان گەر نا توشی لەناوچوونی تاهەتایی دەبێت .

بەرپرسیارێتی کەسێتی بنەمایەکی سەرەکیە لە شانشینی خودا . چونکە گەلی شانشینی خودا ڕاستگۆن و دەرێژدادڕ نین ودواناکەون لە بڕیاری

گرنگ بەڵکو دەستبەجێ تۆبە دەکەن ودەگەڕێنەوە بۆلای عیسا چونکە نایانەوێت سەرکەشی بکەن و خۆیان توشی لەناوچوونی تاھەتایی بکەن .

٥. بەراوردی نمونەی هاوسەنگی و بەرابەری لە کتێبی پیرۆزدا.

ئیشایا ٥٥: ٦- ٧ ؛ پەندەکان ٢٧: ١ ؛ ٢کۆرنسۆس ٦: ٢ **بخوێنەوە.**

پێشەکی : زۆرێك لە نمونەکان لەیەك دەچن و هاوشێوەن هەندێ جار دەتوانی بەیەکتریان بەراورد بکەیت ، ئەو ڕاستیەی لە هەر نمونەیەکدا هەیە هاوسەنگە یان بەرابەر ڕاستیەکە بەشەکانی دیکەی کتێبی پیرۆز بۆمان ڕوون دەکاتەوە فێرمان دەکات . هەوڵ بدە ئەو ئایەت و شایەتە کتێبیە بدۆزیتەوە کە بەرابەر یان هاوشێوەی نمونەیەکەو یارمەتیدەرە بۆ ڕاڤەکردنی نمونەکە . ئاگادار بە لە ڕاڤەکردنی هەر نمونەیەك پشت ببەستە بە فێرکردنی ڕوون و ڕاستەوخۆی کتێبی پیرۆز .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : بەشەکانی تری کتێب چیمان فێر دەکەن لەمبارەیە وەك نمونەکە پێشکەشی کردوە

تێبینیەکان .

ئیشای پێغەمبەر لە ئیشایا ٥٥: ٦- ٧ دەڵێت " ڕوو بکەنە یەزدان تا کات ماوە ،
لێی بپاڕێنەوە کە هێشتا نزیکە . با بەدکار واز لە ڕێگای خۆی بهێنێت و خراپەکاریش لە بیرکردنەوەکانی، با بگەڕێتەوە لای یەزدان، ئەویش بەزەیی پێدا بێتەوە، بۆ لای خودامان چونکە زۆر لێبوردەیە . هەروەها بڕوانە ٢کۆرنسۆس ٦: ٢ . ئەمڕۆ و هەر ئێستا ڕۆژی ڕزگاریە !

٦. کورتەی فێرکردنی سەرەکی نمونەکە .

گفتوگۆی لەبارەوە بکە : ئەو فێرکردنە سەرەکیە کامەیە نمونەکە پێشکەشی دەکات ؟ عیسای مەسیح دەیەوێ چی بزانین و باوەڕمان بە چی هەبێت وە دەیەوێ چی بکەین و چۆن بین ؟

تێبینیەکان .

وانەی سەرەکی لەم نمونەیەدا هاتنی بێ دواکەوتنی عیسای مەسیحە بێ درێژەدان . لەگەڵ ئەوەی خودا ئارامگرە لە مامەڵەکانی لەگەڵ گەلەکەی بەڵام ئارامگرتنی تاهەتایی نیە ڕۆژێك لە ڕۆژان دێتەوە هەرچەندە تەنها خودا خۆی دەزانێ ئەو ڕۆژە کەیە ، تیایدا هەموو دەرفەتێك نامێنێت بۆ ڕزگاریی ئیدی ئەو کات بە درێژەدانەوە لە گوناهەکانتدا دەمریت و تاهەتایە لەناو دەچیت بڕوانە بینین ٢١: ٨ . بۆیە بێ دواکەوتن ودەتسبەجێ باوەڕ بهێنە بە عیسای مەسیح وەکو ڕزگارکارو خوداوەندت هەر ئێستا!

ج. پوختەی وانەو فێرکردنە سەرەکیەکانی ئەم دوو نمونەیە کە پێشکەشی کردوە سەبارەت بە بەرپرسیارێتی چوونە نێو شانشینی خودا

بزانە .

بەرپرسیارێتی چوونە نێو شانشینی خودا بەرپرسیارێتی هەموو کەسێکە لەئەم جیهانەدا . وە کەس ناتوانێ بەرپرسیارێتی کەسی دیکە بگرێتە ئەستۆ لەم ڕووەوە . وە کەس ناتوانێ بڕیار بدات لە بری کەسێکی تر لەسەر تۆبە کردن وباوەڕهێنانی بە عیسای مەسیح وە کەس ناتوانێ سەرزەنشتی کەسی تر بکات لەسەر دەرئەنجامی بڕیارەکەی ، خودا ئەم بەرپرسیارێتیەی داوە بە هەموو کەسێك و دەرئەنجامی بڕیارەکەشی هەروەها بۆیە ئەم دوو نمونەیە فێرمان دەکەن لەبارەی بەرپرسیارێتی مەزن کە لە ئەستۆی هەموو کەسێکدایە بەرامبەر چوونە نێو شانشینی خودا.

نمونەی ئەو منداڵانەی لە بازاڕ دانیشتوون مەتا ١١: ١٦- ١٩ .

هەموو مرۆڤێك بەرپرسیارە لە وەڵام نەدانەوەی لەگەڵ مامەڵەکردنەکانی خودا . لە منداڵیەوە هەڵسوکەوت کردن بەبێ چەسپاویی و بێ هەستکردن بە بەرپرسیارێتی. دەبێت هەموو مرۆڤێك لە هەڵسوکەوتی هەرزەیی ڕاوەستێت و ببێتە کەسێکی بەرپرس لەبەرامبەر وتەکانی و کردارەکانی .

نمونەی نیشانەکانی کەشوهەوا مەتا ١٦: ١- ٤ .

هەموو مرۆڤێك بەرپرسیارە لە وەڵام نەدانەوەی نیشانەو بەڵگەو پەرجوەکانی خودا سەبارەت بە زەمەن . لەبری ئەوەی بڕوانیتە نیشانەی بێ بایەخی کەشوهەوا دەبێت بڕوانیتە نیشانەو بەڵگەو پەرجوە تایبەتەکان کە ئاماژە دەکەن بۆ دەستپێکی سەردەمێکی نوێ لە مێژووی رزگاریی خودا. هەموو ئەو ڕوداوە مەزنانەی دەورەی عیسایان داوە بەتایبەتی مردنی و هەستانەوەی و نێسانە مەزن وگرنگەکانی ، دەبێت خەڵکی وەڵامدانەوەیان هەبێت لەگەڵیدا .

نمونەی دوو کوڕەکە مەتا ٢١: ٢٨- ٣٢ .

هەموو مرۆڤێك بەرپرسیارە لە وەڵام نەدانەوەی خواستی خودا ، ئەگەر چی لەسەرەتاوە مرۆڤ بێباوەڕ بێت و یاخی بێت ، دەتوانێ تۆبە بکات و ببێت بۆلای عیسای مەسیح و باوەڕی پێ بهێنێ وەکو خوداوەند وڕزگارکاری ئەمەش خواستی خودایە .

نمونەی هەنجیری بێ بەر لۆقا ١٣: ١- ٩ .

هەموو مرۆڤێك بەرپرسیارە لە وەڵام نەدانەوەی لەگەڵ کاری ئارامیی خودا لە ژیانیدا ، ئەگەر ماوەی ساڵانێکی زۆر وەڵامی نەدایەوە لەسەریەتی خێراو دەستبەجێ و بەبێ دواکەوتن ودرێژدادڕیی بگەڕێتەوە بۆلای خودا چونکە ئارامگرتنی خودا تاهەتایە بەردەوام نابێت ، کاتێك دێت مرۆڤ ناتوانێ تیایدا تۆبە بکات بۆ ڕزگاربوونی بینین ٦: ١٢- ١٧ .

نمونەی تۆڕی ڕاو .

مەتا ١٣: ٤٧- ٥٠ .

هەموو مرۆڤێك بەرپرسیارە لەوەی زانیاری هەبێت لەبارەی حوکمدانی کۆتایی خودا کە بە دڵنیایی وبەیەکلاکەرەوەیی و بێ گەڕانەوە ، دەبێت ئەم ڕاستیە هانی بدات بۆ تۆبە کردن و قبوڵکردنی شانشینی خودا بۆیە مرۆڤ بەرپرسیارە لە تۆبە کردن و قبوڵکردنی شانشینی خودا !

٥	**نوێژ** (٨ خولەك) **نوێژێك ڕەنگدانەوەی وشەکانی خودا بێت**

بە نۆرە نوێژ بکەن ، نوێژێکی کورت ئەوە دەربخات کە ئەمڕۆ فێربوون . یان کۆمەڵەکە بکە بە دوو یان سێ کۆمەڵ و نوێژێك بکەن ڕەنگدانەوەی ئەوە بێت کە ئەمڕۆ فێربوون .

٦	**ئەرکی ماڵەوە** (دوو خولەك) بۆ **وانەی داهاتوو**

ڕابەری کۆمەڵەکە . ئەرکی داهاتوو بدە بە ئەندامانی کۆمەڵەکەت بە شێوەی نوسراو ، یان داوایان لێ بکە لە پەڕاوەکانیاندا بینوسن.
١- بەڵێن . بەڵێندان بە ڕاهێنانی قوتابی نوێی خوداوەند و بونیادنانی کڵێسای مەسیح و جاڕدانی موژدەی شانشینی خودا .
٢- وتاری ئامۆژگاری یان فێرکردن ، یان وانە دابەشکردن (لەگەڵ کەسێکی تر یان لەگەڵ کۆمەڵێکدا) فێرکردنی پەیوەست بە نمونەی " دوو کوڕەکە و نمونەی هەنجیری بێ بەر" .
٣- خەڵوەتی ڕۆحی . چێژ وەربگرە لە خەڵوەتی ڕۆحی لەگەڵ خودا و هەموو ڕۆژێك هاوکاری وەربگرە لە نیوەی بەشێك لە ٢هەواڵی